تره‌مپ: ژماره‌یه‌کی زۆر له‌ وڵاتان پێیانوتوم هاوکارمان ده‌بن له‌ پاراستنی گه‌ڕوی هورمز



دۆناڵد تره‌مپ، سه‌رۆکی ئه‌مریکا رایگه‌یاند، ژماره‌یه‌کی زۆر له‌ وڵاتان پێیانوتوم ئاماده‌ن هاوکارمان بن بۆ پاراستنی گه‌ڕوی هورمز، به‌ڵام هه‌ندێکیش ئاماده‌ نین.

ئاوێنه‌: دۆناڵد تره‌مپ، سه‌رۆکی ئه‌مریکا، ئه‌مڕۆ دوشه‌ممه‌، له‌ لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامه‌نوسان له‌باره‌ی داواکه‌ی بۆ وڵاتان تا هاوکاریان بن له‌ کردنه‌وه‌ی گه‌ڕوی هورمزدا وتی "زۆر وڵات پێیانوتم له‌ڕگه‌ن بۆ هاوکاری. هه‌ندێك زۆر به‌ پەرۆشن به‌ڵام هه‌ندێکی دیکه‌یان وا نین."

وتیشی، هه‌ندێك له‌و وڵاتانه‌ ئه‌وانه‌ن که‌ ساڵانێکی دوورودرێژ هاوکارییان بوین و پاراستومانن له‌ سه‌رچاوه‌ی ده‌ره‌کی مه‌ترسیدار، به‌ڵام ئه‌وان پەرۆش نین. ئاستی پەرۆشیی ئه‌و وڵاتانه‌ بۆ من گرنگه‌.

تره‌مپ ئاماده‌ نه‌بو ناوی ئه‌و وڵاتانه‌ بهێنێت، وتیشی، ده‌مه‌وێت ناویان بهێنم به‌ڵام به‌ڵاشکاوی نازانم ئه‌وان پێیانخۆشه‌ ناویان بهێنرێت یان نا، چونکه‌ ره‌نگه‌ نه‌یانه‌وێت بکرێنه‌

ئامانج، بەڵام من دەڵێم، گرنگ نییە دەکرێنە ئامانج یان نا، چونکە ئێمە لە ئستادا لەگەڵ پێنگۆکی کارتێنی مامەڵە دەکەین. ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئێران.

تەرەمپ لەبارەی ئەو وڵاتانەی کە نایانەوێت دەستوەردان بکەن، وتی"ئێمە دەتانپارێزین بەڵام ئەوە ناتانەوێت بگلێن لە شتێکی بۆ بەهاوە. ئەوان (مەبەستی ئێرانە)، جگە لە کەمەڵێک فیشەک هیچ ناتەقێنن چونکە کەرەستەی سەربازییان سنوردارە. بەڵام ئەو وڵاتانە وتیان ئێمە پێمانباشە دەستوەردان نەکەین."

هەروەها وتیشی، ئەزانم ئێمە دەیانپارێزین، بەڵام کاتێک ئێمە پێویستمان بە هاوکاری بێت، ئەوان ئامادەی هاوکاریکردنمان نین.

تەرەمپ لەبەشێکی دیکەی قسەکانیدا جەختی کردەوە کە رژێمی ئێرانییان بەتەواوەتی تێکشکاندوە.

ئەوەشی وت، زیاتر لە 30 کەشتیی چاندنی مینی دەریایی ئێرانیان تێکشکاندون.

لەگەڵ ئەوەش وتی، دڵنیا نییە لەوەی ئێران هیچ مینێکی لە گەروی هورمز چاندوە یان نا.